بەرپرسی لقی 24ی سەفین: متمانەی جەماوەر و لایەنگرانمان مکوڕترمان دەکات بۆ وەدەستهێنانی ماف و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان



بەمەبەستی سوپاسگوزاری و دەستخۆشی لە ئۆرگانەکانی حزبی و جەماوەرو ئەندام و لایەنگرانی پارتی لە سنووری لێژنە ناوچە و ڕێکخراوەکان، هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و بەرپرسی لقی 24ی سەفین، بەیاوەری هەڵاڵان کارگێرانی لق، سەردانی سنووری لێژنە ناوچەکانی کۆرێ، شەقلاوە، هێرانی کرد، دوای پێشوازیکردنیان لەلایەن هەڵاڵانی لێژنە ناوچەکان بەرپرسی لق کۆبونەوەیەکی فراوانی لەگەڵ سەرجەم بەرپرسی ئۆرگانەکانی هەریەک لە هەڵاڵان بەرپرسی ناوچە و کارگێران و بەرپرسی بەش و ڕێکخراوەکان و بنکەکان سازکرد. لە ناوەڕۆکی کۆبونەوەکانی بەرپرسی لق سوپاسگوزاری و دەستخۆشی خۆی ئاراستەی سەرجەم هەڵاڵانی ئامادەبووی کۆبونەوە کرد، لە ڕێی ئەوانیشەوە بەناوی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان سوپاسگوزاری ئاراستەی دۆست و لایەنگرانی پارتی کرد بۆئەو هەوڵ و ماندووبونەی لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ سەرخستنی لیست و کاندیدانی پارتی ئەنجامیاندا. بەشێوەیەکی گشتی بەرپرسی لق لە ناوەڕۆکی کۆبونەوەکانی لەگەڵ ڕێکخستنی ناوچەکانی کۆرێ، شەقلاوە، هێران، باسی لە گرنگی ئەو سەرکەوتنەی پارتی کرد کە بۆ داهاتوو پێویستە کادیران و ئەندامانمان لە ڕێکخستنەکان بایەخ بەچالاکی جەماوەری بدەن و ڕەچاوی ماف و داوا و کارو ئەو پرۆژانە بکەن کە خزمەتی خەڵک و ئاوەدانی دەکات، چونکە ئەو پشتگیرییەی خەڵک بۆ ئێمە متمانەیە، بۆیە ئێمەش پێویستە ئەو متمانەیە بەرەوپێش و بەهێزتری ببەین. هاوکات بۆ ئێمە متمانەی جەماوەر و لایەنگرانمان مکوڕترمان دەکات بۆ وەدەست هێنانی ماف و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، لە کوردستان بێت یان لەهەرشوێنێکی تر زیاتر پێداگیری لەسەر مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکەین، ئاشتی و ئاسایش و ئارامی سەقامگیر دەکەین. لەهەمان ڕۆژ و لە درێژەی سەردانەکانی بەمەستی بەسەرکردنەوەو ڕێزلێنان لە ئەرک و کەسایەتی بەرپرسی لق بەیاوەری هەڵاڵان کارگێرانی لق لە شارەدێی هێران سەردانی تەکیە و بەڕێز کاکی هیرانی کرد و بەگەرمی لەلایەن کاکی هێران و خانەوادەکەی پێشوازی کران.

دی ئای ئەی کۆمەڵێک پڕۆژە لە پارێزگای هەولێر ئەنجام دەدات



نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر پێشوازیکرد لە نیک هۆگرد بەڕێوەبەری ئیدارەی پڕۆژەی تەکنیکی دی ئای ئەی سەر بە ڕێکخراوی یو ئیس ئەی ئای دی ئەمریکی و شاندی یاوەری و لە دیدارێکدا باس لە هەماهەنگی نێوانی ڕێکخراوی ناوبراو پارێزگای هەولێر کرا و جەخت کرایەوە لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەردوولا. ڕێکخراوی ناوبراو بڕیاری دابینکردنی بڕێک هاوکاری داوە لە ڕێگەی پارێزگای هەولێر بۆ جێبەجێ کردنی کۆمەڵێک پڕۆژەی لە سێکتەرەکانی خزمەتگوزاریی و پەروەردە و تەندروستی و ڕۆشنبیری و ئاوەدانی کە بەپێی پلانێک پڕۆژەکان بە پسپۆڕی و جوگرافیا دابین دەکرێت. پارێزگاری هەولێر سوپاسگوزاری خۆی بۆ شاندی ناوبراو نیشاندا کە پاڵپشتن بۆ پرسی ئاوەدانی و بردەودان بە پرسە ڕۆشنبیری و کەلتووری و خزمەتگوزارییەکان و هەروەها جەخت کرایەوە سەر بەردەوامی ئەوان بۆ ئەو شێوازە پاڵپشتی و هەماهەنگییە بەردەوامە.

ئەو کەسانەی لە دەربەندیخان هەڕەشەیان لەدام و دەزگاکانی حکومەت کرد پێنج ساڵ و مانگێ زیندانی دەکرێن

خەبات- سەربە یوسف:

پاش ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا گروپێکی چەکدار لە دەربەندیخان لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا کە بلاۆیان کردبوو و تیایدا هەڕەشەیان لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردبوو، فرمانی زیندانی کردنیان بۆ دەرکرا.

بە پێی ڕاگەیەنراوێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان، کەوێنەیەکی بۆ خەبات نێردراوە هاتووە دوای ئەوەی ژمارەیەک هاوواڵاتی لەماوەکانی ڕابرووداو لە ڕێگەی گرتەی ڤیدیۆیەوە هەڕەشەیان لە هاووڵاتیان کردبوو لە لایەن هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیانەوە دەستکرا بە لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری ورد و تەواو، توانرا لە بەرواری 2018/1/4 لە سنووری قەزای دەربەندیخان ئەو گرووپە دەستگیر بکرێن کە پێکهاتبوون لە 8 تۆمەتبار.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش هاتووە پاش ئەوەی پەراوی لێکۆڵینەوەیان بۆ کرایەوە و هەموو بەڵگەکان خرایە بەردەستی دادوەری لێکۆڵینەوە و دانپیادانانی تاوانبارانی ناوبراو بە تاوانەکەیاندا 7 حەوت کەسیان تۆمەتەکەیان بە سەردا ساغ بوویەوە و لە لایەن دادوەری لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی کەرکووک - گەرمیان بە پێی ماددەی156 ی. س بۆ هەر یەکەیان ماوەی 5 ساڵ و یەک مانگ سزای زیندانی دران و ئا. ع. ع. بە هۆی نەبوونی بەڵگەوە بڕیاری بێتاوانی بۆ دەرکرا و ئازاد کرا. لەدوا بەشی ڕاگەیەنراوەکەدا ئەوەش هاتووە پاشان 7 حەوت تۆمەتباری ناوبراو ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی کران بۆ بەسەربردنی ماوەی سزاکەیان.

لاوانی قوشتەپە گەورەترین هەڵمەتی پاککردنەوەی ژینگەیان ڕاگەیاند



لە ناوەندی وەرزش و لاوانی قوشتەپە هەڵمەتی پاککردنەوەی ژینگەی قوشتەپە ڕاگەیەنرا بەئامادەبونی بەڕێوەبەری ناحیەی قوشتەپە و بەرپرسانی ئیداری و ئەمنی و حزبی و ماموستایانی ئایینی و قوتابیان و لاوان و چین و تویژەکانی قوشتەپە، کە تێدا گفتوگۆیەکی کراوە کرا لەسەر پاککردنەوەی ژینگەی قوشتەپە بەهاوکاری ڕێکخراوی iom ناوەندی وەرزش ولاوانی قوشتەپە و شارەوانی قوشتەپە لەژێر سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی قوشتەپە ،بوماوەی 5.ڕۆژ بیست گەنجی خۆبەخش هەموو ئەو شوێنانە پاک دەکەنەوە کە زبل و خاشاکیان لێ کۆبوتەوە.

ڕێگەی هەولێر- سلێمانی بۆ ماوەی هەفتەیەک دادەخرێت

بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەولێر، لە ڕاگەیاندراوێکدا، ئاماژە بەوە دەدات، کە بۆ ماوەی هەفتەیەک ڕێگەی هەولێر بۆ سلێمانی، لە ڕێگەی دۆڵێ سماقولییەوە دادەخرێت. دوێنێ چوارشەممە 2018/5/16 بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەولێر، لە ڕاگەیاندراوێکدا، لە پەیجی تایبەتی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، بڵاوی کردۆتەوە، کە شوفێران و هاووڵاتیان بەتایبەت ئەوانەی هاتوچۆ لە ڕێگای سماقولییەوە بۆ سلێمانی دەچن، کەوا بەهۆی نۆژەنکردنەوەی ڕێگاکە لە چوارشەممەوە تاوەکو هەفتەیەکی دیکە، ئەم ڕێگایە بەتەواوی دادەخرێت. هاتوچۆی هەولێر، ئەوەشی خستۆتەڕوو، کە هاووڵاتییان و شوفێران، دەتوانن وەک ڕێگای جێگرەوە، ڕێگای هیران- سکتان بەکار بێنن، کە جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە و ڕێگایەکی بێ کێشەیە.



دوو تاوانباران 40 تاوانێن فێلبازی ل دهۆکێ ئەنجام داینە

پۆلیسێن پارێزگەها دهۆکێ دەستەسەرکرنا دوو تاوانباران رادگەهێنیت کو وان د ماوەیەکێ کورت دا 40تاوانێن فێلبازیێ و تەشقەلان ب سەر هاوولاتییێن دهۆکێ ئینایە و دان ب تاوانێن خوە کرینە. رائید هێمن سلێمان، پەیڤدارێ ریڤەبەریا پۆلیسێن پارێزگەها دهۆکێ، دیار کر، کو ڕۆژا چوارشەمبی 2018/5/16 پۆلیسێن پارێزگەها دهۆکێ بانەکێ دزیکەران دەستەسەرکرن کو دوو تاوانبارێن سەرەکی د ناڤ ڤی باندی دا هەنە و ڤان هەردوو تاوانباران 40 تاوانێن فێلبازی و تەشقەلان ل سەنتەرێ پارێزگەها دهۆکێ و ل بەردەرەش و شێخان و سێمێلێ ئەنجام داینە و دان ب تاوانێن خوە کرینە. رائید هێمن بۆ باسنیوز، ئاشکرا ژی کر، کو ڤان فێلبازی ل خوارنگەھ و مارکێت و جهێن بازرگانی کرینە و ب ڕێیا تەلەفونێ پارە ژ خەلکی چێدکرن و کەل و پەل ب دەین ژ جهێن بازرگانی دبرن و دگوتنێ دێ نها پارا دەینە تە و پاشی ئەو هێلا تەلەفونێ داخراو دکر و خوە ڤەدشارتن و گوتیشی: ئەڤ باندێ تاوانباران ژلایێ بنگەهێ پۆلیسێن مالتایێ ڤە هاتیە دەستەسەرکرن و دان ب تاوانێن خوە کرینە.

خولێک بۆ کارمەندانی تەندروستی کەمپەکان کرایەوە



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:

فاخیر کرمانجی گوتەبێژی تەندروستی هەولێر ڕوونیکردەوە: سەنتەری پەرەپێدانی پیشەیی بە شێوەیەکی بەردەوام خولی ڕۆشنبیری تەندروستی جۆراو جۆر بۆ پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی دەکاتەوە و بۆ ئەمجارەیان بۆ ئاوارەکان بوو کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستیی هەولێر کرایەوە و تیایدا چەندین بابەتی گرنگ لەسەر خزمەتگوزاری و تەندروستی و خۆپاراستن و زیاتر هوشیارکردنەوە بوو، کە بریتی بوو لە خولی تی ئو تی بۆ پزیشکان و کارمەندانی کەمپەکانی کەورگۆسک و باسرمە و دارەشەکران و قوشتەپە بەنانویشانی مای گەپ و خولەکە لەلایەن دکتۆر ئومێد قادر پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان گووترایەوە.

هەولێر.. لە شەقامی 100 مەتری بە ڕووداوێکی هاتووچۆ کەسێک گیانی لەدەستدا

خەبات – فاتیح بەرزنجی:

ڕائیدی مافپەروەر هۆگر عەزیز گەلاڵی گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بەخەباتی ڕاگەیاند: دوێنێ پۆلیس ئاگادارکرایەوە لە بوونی ڕووداوێکی هاتووچۆ لەشەقامی 100 مەتری و لە دوای گەیشتنی پۆلیس بۆ شوێنی ڕووداوەکە دەرکەوت کە شوفێرێک دوای ئەوەی کۆنترۆڵی ئۆتۆمبێلەکەی لەدەست دەدات و لەئەنجامدا خۆی بە هاووڵاتییەکدا دەکێشێ بەناوی ش. س لەئەنجامدا ئەو هاووڵاتییە گیان لەدەست دەدات و تەرمەکەی ڕەوانەی پەیمانگەی پزیشکی دادی کرا و پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کرایەوە و تۆمەتباریش دەستگیرکراوە.